# کەلاری ئەمجارە و کەلارەکانی داهاتوو , وەلأمێك بۆ کوردستانە کۆن و نوێکان

عەلی مەحمود محەمەد

لە هەموو جیهان بۆرژواکان , ئەوانەی ئێمەی چەپ بە برادەرانی کوردستانی نوێشەوە , جاران خوێنیانمان دەخواردەوە و ئێستاش چارەیانمان ناوێت , لە لایەکەوە سەرچاوەی سامانەکەیان دیارە , واتە بۆرژوایەکی بە ئەسڵ و فەسڵن و زۆڵ نین , لە لایەکی دیکەوە پرۆژەی خزمەتگوزاری و کۆمەکی هەژارانیان لە ناوخۆی وڵاتەکانییان و لە هاندەران هەیە , بیل غیتس , جۆرج سێرۆس , تا دەگاتە ڕەفیق کە حەریری هەزاران قوتابی خستە بەر خوێندنەوە . بە کورتی و بە پوختی ئەوان کەبابێك بۆ خۆیان دەبەن و فەلافلێك دەدەن بە گەل .

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە , لە کوردستان تووشمان بوو بە توشی بۆرژوایەکەوە , بە ڕوکەش گەورەترین سوێندیان گۆڕی شەهیدانە , بەڵام سۆزانی دەپەرستن , ئامانجیان سەرکەوتنی کوردە , بەڵام دوو نەوەیان تا ئێستا لەبرسا کوشت . نیشتمانین بەڵام زەوی نیشتمانییان تاڵانکرد , هەست و سۆزی خۆشەویستی گەل و نیشتمانییان لە جەستەی کۆمەڵدا مراند . ئەوەی بیرمان لێ ناکردەوە , هیچ عەقڵێك تەحەمولی ناکات , ئاستی ئەو دزی و تاڵانەیە , ئەم نوخبەی سیاسییە ئەنجامی دەدەن .

وەزیر , پەرلەمان , ڕاگەیاندن , پۆلیس , ئاسایش , قوتابخانە , دوکانەکانی مافی مرۆڤ , چاکسازی و ڕیفۆرم , هەموویان گرتووەو کردویانە بە زبڵدانی گەندەڵی .

لە کوردستان زۆرجار دژ بە گەندەڵی خۆپیشاندان سازکراوە , یاخود بۆ ئاشتی قوربانی زیاتر دراوە , وەك ئاگاداریم یان بەشداربوویێتم تیایاندا , ئەگەر زیاتر نەڕۆم , بەڵام هیچییان سەدای ڕاپەڕینەکەی کەلاریان نەدایەوە . بەهۆی پەرەسەندنی گەیاندن و ڕاگەیاندنەوە , هەواڵی شۆڕشی کەلار وەك با بەجیهاندا بڵاو بوەوە , دیارە دیلەکانی ئازاد نەکرێت , وەك باهۆز زۆری دیکە ڕادەماڵێت .

کاسە کە پڕ بوو لێی دەڕژێت , بەڵام ئەگەر بەنداو پڕ بێت , تۆفانی لێ هەڵئەسێت .

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئەمڕۆ 8-9-2005 , 3 بابەت لەسەر ڕاپەڕینی کەلار بڵاوکراوەتەوە , لێرەدا بە کورتی سەرنجی دەخەمە سەریان .

لە هەموو جیهان , هێزە چەکدارەکان ناشرینییەك دەکەن , ڕاگەیاندن هەوڵەدات جوانی بکاتەوە , سەیر کەن بزانن چۆن کوردستانی نوێ پاکانە بۆ تەقەکردن دەکات بەهەمان گوتارەکانی ڕابردوو کە کوردییان پێ ڕەشەکوژی دەکرا , ئەمە دەسەڵاتی چوار بێت لە کوردستان , هەزار سلاو لە دەسەڵاتی یەك , ئەمەی خوارەوە چەند پەرەگرافێکە لە وتەی کوردستانی نوێ

: ((جیاوازییەکی گەورە لەنیوان ئەو جەماوەرە خۆپیشاندەرە مەدەنییەی دوینیی شاری کەلاردا هەیە کە بۆ گەیاندنی داواکانیان بە دەزگاکانی حکومەتی هەریم، هاتنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان کرد، لەگەڵ ئەو گیرەشیوین و تیکدەرانەی خۆیان خزاندە ناو خۆپیشاندانەکەو بەبێ هیچ هۆیەك هەڵیانکوتایە

سەر (پۆلیس و ئاسایش، بەریوەبەریتی پەروەردەی گەرمیان، بەرگریی شارستانی، بارەگای یەکیتیی ژنان، لقی گەرمیانی سەندیکای کریکارانی کوردستان و مەڵبەندی تەندروستی شیروانە)و چەندین کۆمپیوتەرو داوودەرمان و کەلوپەلی ئەو دەزگایانەیان تالآن کردو لەئەنجامدا چەندین بریندارى لیکەوتەوە.)).

((ئەگینا کەی و لە چ شوینیکدا خۆپیشاندەر تەقە دەکات؟، وەك هەندیك لەوانەی دوینیَ خۆیان خزاندە ناو خۆپیشاندانەکە، کردیان.))

((لەهەموو ولاتانی پیَشکەوتووی دنیادا، مافی خۆپیشاندانی هیَمن بۆ هاوولاتیان دەستەبەرکراوەو ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندەرانیش خراوەتە ئەستۆی هیزەکانی پۆلیس و ئاسایش. بەلآم ئەگەر خۆپیشاندان لەرەوتی ئاسایی خۆی دەرچوو و گەیشتە ئەوەی ژیانی هاوولاتیان بخاتە مەترسییەوەو زیان بەمولکی گشتی بگەیەنیت، ئەوا دەست بەجیَ هیزەکانی ئاسایش رۆلی خۆیان دەبینن، کەبریتییە لەپاراستنی ژیان و سەروماڵی هاوولاتیان. کە لەمەشدا پیویستە تەقەکردن بەئاسماندا دوایین شیواز بیت کە ئەو هیزانە بۆ بەجیَهینانی ئەو ئەرکە بیگرنەبەر.)).

((نەکارەبا بەتەقەکردن و گیرەشیوینی زیاد دەبیت، نە ئەو کاروانە دیموکراسییەی سالآنیکە لەکوردستاندا هەیە، بەو هەولە نەزۆکانەی چەند کەسیك بەرەو دواوە دەگەریەوە.)) کوردستانی نویَ

**بەلآم ئەمەی خوارەوە راگەیاندنی دەسەلآتی یەکەمە :**

((سەرلەبەیانی رۆژی 2005/9/7 ژمارەیەك لەخەلکی کەلار بەبیَ مۆلەتی یاسایی و بەبیَ ئەوەی لەپیَشتردا داوای مۆلەت بکەن، ریپیوانیکیان بۆ بەردەم قایمقامیەتی کەلار بەریَخست و داوای چاککردنی وەزعی کارەباو ئاویان دەکرد))

**سەیر بکەن بزانن چۆن وزارەتی ناوخۆیی رەخنە لە هێزە چەکدارەکان دەگرێت , بەلآم کوردستانی نوێ پاکانە بۆ تەقەکرن لە جەماوەر دەهێنێتەوە .**

((لەوکاتەی کە قایمقام وتوویژی لەگەل نوینەرانی ریپیوانەکەدا دەکرد چەند کەسیکی نامەسئول دەستیان دایە بەرد بارانکردنی پۆلیسەکانی قایمقامیەت و چەند کەسیکیان لیَ بریندارکردن و پاشان پەلاماری بارەگای قایمقامیەتیان داو بەداخەوە پۆلیسەکانی قایمقامیەت بەتەقە وەلآمیان دانەوە کە دەبوو شیوازیکی دیکە بەکاربهینرایە،))

هەروەها لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی تریان رۆیشتن ەسەر بینای بەریوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان و چەندین کەلوپەل و کۆمپیوتەری ئەو بەریَوەبەرایەتییە بەتالآن بران و ئۆتۆمبیلیکیش سووتینرا، هەروەها بەشیکی تر لەو خەلکە چوونەسەر بارەگای سەندیکای کریکاران و یەکیتی ژنان و بنکەی تەندروستی و بارەگای بەرگریی شارستانیی گەرمیان و چەند شویَنیَکی دیکە بەمەبەستی تالآنکردنیان، لەپاش ئەو دیاردە ناشارستانییە بەناچاریی لەلایەن هیَزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بەتەقە وەلآمدرانەوە.

وەزارەتی ناوخۆی
حکومەتی هەریمی کوردستان
تیبینی
بەداخەوە لەئەنجامی ئەو رووداوەدا ژمارەیەك هاوولآتی و پۆلیس بریندداربوون کەژمارەی پۆلیسەکان زۆرترن

**بەلآم وەزیری ناوخۆ دەلێت :**

**خۆپیشاندانێك لەکەلار ئاژاوەگێری لێکەوتەوە**
**وەزیری ناوخۆ: پشتیوانی لەداواکانی خەڵکی گەرمیان دەکەین، بەڵام ئاراستەی ڕێپێوانەکە گۆرا**

هەروەك لە روونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەریمدا هاتووە (چەند کەسیکی نامەسئول ئاراستەی ریپێوانەکەی دوینیی شاری کەلاریان گۆریوەو پەلاماری بارەگای قایمقامییەت وچەند دامەزراوەیەکی دیکەی حکومەتیان داوە) کەبەبەشداری چەند سەد کەسیك بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار ریکخراو داوای باشکردنی ئاوو کارەباو سووتەمەنییان کردبوو.

هیزەکانی ئاسایش بۆ بڵاوەپیکردنیان و پاراستنی فەرمانگە حکومییەکان، تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کرد، بەڵام چەند کەسیك پەلاماری دەزگا حکومییەکانیان داو بەشیك لەکەلوپەلی بەریوەبەرایەتیی پەروەردەی گەرمیان بەتاڵانبراو سووتینرا. دواتر پەلاماری ریکخراوی ئازادیی لاوان و کۆمەڵەی خویندکاران و سەندیکای کریکارانیانداو چەندین بەڵگەنامەو ساڵانەو نووسراوی هاووڵاتیان و بریك پارەش تاڵانکرا. پاشان پەلاماری هەریەك لەبارەگاکانی یەکیتیی ژنان و مەڵبەندی تەندروستیی شیروانە دراو کەلوپەلەکانیان بەتاڵانبران، کەلەئاکامدا لەنیوان هێزەکانی ناوخۆو بەشیك لەهاووڵاتیان و فەرمانبەران لەلایەك و خۆپیشاندەران لەلایەکی ترەوە، (17) بریندار لێکەوتەوە، کە(4)یان بە فیشەك پێکران و (13)ی دیکەشیان بەبەردی خۆپیشاندەران بریندار بوون.

سەرچاوەیەکیش لەمعاونیەتی ئاسایشی کەلار رایگەیاند: هەرچەندە مۆڵەتی یاسایی بۆ ریپیوانەکە وەرنەگیرابوو، بەڵام بۆ پاراستنیان، هیزەکانمان داوایان لێکردنریپێوانەکە کۆتایی پیبینن، چونکە بەڵینی جیبەجیکردنی داواکارییەکانیان پیدراوە تەئکیدیشی کردەوە: لەچەند ماڵیکی بەرامبەر قایمقامیەتەوە تەقە لەقایمقامیەت کراوەو بریندارەکانیش لەهەردوولان.

بەریز مەلاسەعید لیپرسراوی ئیدارەی گەرمیان بەکوردستانی نوآی راگەیاند:
قایمقامی کەلار بۆ خۆی ئیعلانی ئەوەی کردووە کە لەپیناوی داواکارییەکانی خەڵکدا ئیستیقالە دەکات

دەستی ئاژاوەگیریی لە پشت ریپیوانەکەوە هەبووەو لەناو خۆپیشاندەراندا بەدەمانچە تەقەکراوەو لەچەند لایەکی تریشەوە تەقەکراوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرسیش کەنەیویست ناوی ئاشکرابکەین، گوتی: زانیاریی هەیە کەهەندیك حزب و لایەن و گروپیکی سیاسیی، خەڵکیان هانداوەو لەدەرەوەی کەلار ژمارەیەك گەنجیان هیناوەو هانی خەڵکیان داوە پەلاماری دەزگاکان بدەن و دروشمی نەشیاو بڵینەوە.

**سەرنجێك لەسەر ئەو لێدوانانە :**

**حکومەت خۆپیشاندەران بەوە تاوانبار دەکات , کە ئیجازەی خۆپیشاندانیان وەرنەگرتووە , بەڵام ئەوەی ئاگادارین داوای ئیجازە کراوەو بەڵام پێیان نەدراوە , ئەوە یەکەم جار نییە دەسەڵاتدارییەتی کوردی خۆپیشاندەران بە بەهانەی نەبوونی ئیجازە سەرکوت دەکەن , هەر دوێنی کوردستانیانی خۆرهەڵاتی و پێرێ قوتابیانی زانکۆی سولەیمانی و ئەمڕۆ کەلارییەکان , ئیجازە لە قورگی ئێوەدایە خۆ لە بازاڕ نافرۆشرێت تا بۆتانی بکڕن .**

**هەر ئەم ماوانە وزارەتی ناوخۆیی ئیدارەی سلێمانی بڕیارێکی کۆنەپەرستانەی دەرکرد بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان , بەوەی هەر فەرمانبەرێك بەشداری خۆپیشاندان بکات لەکار دەرەکرێت , لە ك ن دەپرسم , ئایا ئەم بڕیارەش لە پێناو گەشەدانە بە دیموکراسییەتدایە ؟ .**

ئایا دیموکراسی هەر ئەوەندەیە ئیجازە بە حیزبی کەران بدرێت! , یان خۆپیشاندانی هەزاری بۆ ڕیفراندۆم بکرێت . گولم دیموکراسی ئەوەیە بەرگەی داواکارییە توندە ڕەواکانی ئۆپۆزسیۆن بگرن و گوێ لەوانە بگرن تەنانەت داوای لێپرسینەوە لە سەروەت و سامانتان دەکەن و داخوازی لادانتانن لەسەر کورسی دەسەلات , دیموکراسییەت مەساجی سیاسی نییە گولم , پشت شکاندنی سیاسییە .

بەعس 35 ساڵ کوردی بە بەهانەی گێرە شێوێنی جینۆساید کرد , ئەمڕۆ ئێوەش ئەو دەستەواژەیە بۆ سەرکوتی خەڵکی کەلارێك بەکار دەهێنن , ینك بۆخۆی بەری قوربانی و تێکۆشانی ئەوانە . تا ئێستاش کۆڵانەکانی بۆنی ئەنفال لێ دێت .

قایمقام و قایمقامەکان , هەموو گەندەڵ خۆر و دزەکان کوردستان دەبێت بارکەن و بڕۆن , بەغدا نیوەی ڕێیان بێت . ئەمەی پەیامی ڕۆژانی داهاتووی خەڵکی کوردستانە .